# بانگەواز

ئۆتاوا کوردیش کۆمینتی هەڵدەستی بە سازدانی کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ قسەباس کردن لە سەر هەلبژاردنەکانی عێراق و کوردستان. ئەو خاڵانەی کە مەبەستە لەو کۆبوونەوەیەدا قسەی لەسەر بکرێت ئەمانەی خوارەوەن:

1- لایەنی چاک و خراپی یەک لستی یەکێتی و پارتی بۆ هەلبژاردنەکانی کوردستان و دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان پێش هەلبژاردن.
2- بەرپاکردنی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە گەل هەلبژاردنی عێراق لە رۆژێکدا.
3- بەشداری کردن لە هەلبژاردنی پارێزگای کەرکوک پێش گەرانەوەی عەرەبە دەهەزاریەکان بۆ شوێنی خۆیان.
4- ئایا کورد دەبێت بەشداری هەلبژاردنی عێراق بکات ، لایەنی چاک و خراپی بەشدار کردن و نەکردن چییە ؟
ئێمە بانگەوازی هەموو کوردەکانی دانیشتووی شاری ئۆتاوا و گاتینۆ دەکەین کە بێن بەشداربن لەو ئێوارەدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شارستانیانە و هێمنانە قسەوباس و بیرو ڕا بگۆرینەوە لەسەر ئەو بابەتانەی سەرەوە کە پەیوەندیان بە ژیانی ئێستا و داهاتووی خۆمان و کەس و کارمانەوە هەیە.

ئەو کۆبوونەوەیە تەنها تایبەت بە کوردی کوردستانی عێراق نییە ، کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان یەک کێشەیەو هەڵ و مەرجی سیاسی کوردستانی عێراقیش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بەشەکانی تری کوردستانیش هەیە ، بۆیە ئێمە بە گرنگی دەزانین کە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان لەو قسەوباسانەدا بەشدار بن.

پەیوەندیش کراوە بە باڵیوزخانەی نوێ ی عێراق کە ئێستا لایەنی ڕەسمی دەوڵەتی عێراقن لە کەندا بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداری بکەن ، جاڵیەی عێراقی و هێزی سیاسی تری عێراقیش بانگکراون بۆ بەشداریکردن.
شوێن و کات:

**7.00-3.00لە نێوان دوای نیوەرۆ 1/16 رۆژی یەک شەممە**
**Carleton University**
**101 Azrieli Theater**
**Close to University center**
**ئۆتاوا کوردیش کۆمیونیتی**